ڕەفتاری سەرەڕۆیی منداڵ و پەیوەندی بەشێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان

تویژینەوەیەکی مەیدانییە لە باخچەی منداڵانی حکومی و ناحکومی شاری سلێمانی

سەرپەرشتیار: پ.د. سابیر بکر مصطفی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی باخچەی منداڵان
Sabir.mustafa@univsul.edu.iq

خوێندکاری ماستەر: ئاشنا ابراهیم سلیم
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
بەشی باخچەی منداڵان
Ashnas200@gmail.com

خلاصة البحث

الهدف من هذا البحث هي معرفة المستوى، والنمط السلوكي الاندفاعي عند الاطفال في (الريا ضي الحكومي و غير حكومية) في التصـور عند المعلمين لتحديد النمط والمسـتوى السـلوكي لدى الاطفال الاندفاعية وهذا بحسـب الجنس والعمر والشهادة التخصيصية والسنوات الخدمة و نوع الرو ضة و بشكل العام حول الضبط الصف من قبل المعلم في الرو ضات الحكومية و غير الحكومية (أهلية) ولفرض تحقيق هدف البحث استخدمنا منهج الو صفي، وكانت استخدام مجتمع البحث مكونة من جميع المعلمين في التربية الشـرق في محافظة سـليمانية وكانت عين البحث عبارة عن (٢٨٥) معلم الرياضـي الاطفال بشـكل عشـوائي و قد هيأ الباحث مقياسـين للمتغيرين في البحث. وقد تم اسـتخراج الحقيقة الامر من اسـتخدم الباحث حقيقة لترجمة والظاهرة وإنشـائي و الاسـتخراج البديل اسـتخدم طريق التكرار رفيها في النهاية توصـل الى هذا الاسـتنتاجات وهم عبارة عن:- لا وجود لدليل احصـائي بين الجنسـين بحسـب نوع السـلوك الاندفاعي في رياض الاطفال هذا بحسـب تصـور المعلمين - توجد دليل احصـائي في تحديد المسـتوى و نوع السـلوك الاندفاعي في رياض الاطفال بحسب تصور المعلمين وهذا بحسب المتغير العمري (٢١-٣١) السنة، توجد دليل احصائي في تحديد مسـتوى ونوع السـلوك الاندفاعي لدى الاطفال الرياضـي بحسـب متغير عدد السـنوات الخدمة والفارق من مصلحة ما بين اعمار (١-١٠-١١-٢٠-٢١-٣٠) سنوات بحسب استنتاجات البحث اتضح بان اسلوب الدمقراطي هي انسب طريقة لضـبط الصـف من قبل المعلم رياضـي الاطفال، و كذألك بحسـب اسـتنتاجات المبحث تبين بأنه يؤخذ علاقة عكسية متبادلة و إيجابية بين السلوك طفل الاندفاعي مع أساليب الضبط الصف من قبل معلمي رياضي الاطفال في (روضات حكومية و غير حكومية (أهلية).

١-١ کێشەی توێژینەوەکە:

سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەردەمی بڵاوبوونەوەی باخچەی منداڵان دادەنرێت،لە زۆربەی وڵاتانی دونیادا بە سەدەی منداڵ دادەنرێت,پەروەردکاران و بیرمەندان باوەڕیان پتەوتر بوو بەوەی کە باخچەی منداڵان بریتییە لە قۆناغی فێرکردن و پەروەردەی ئامانجدار لە پلەکانی فێرکردندا، پڕۆسەی خوێندن بە تەواو دانانرێت، ئەگەر بە قۆناغی باخچە دا گوزەر نەکات, سەرباری ئەوەی کە قۆناغی باخچەی منداڵان بریتییە لە قۆناغی سەرەتایی منداڵی کە تیایدا منداڵ زۆر پێویستییان بەوە هەیە کە فێری قسە و گفتوگۆ بین و تیایدا بۆچوونی ئایندەیان سەبارەت بە جیهان و دەوروبەرو بەری خۆیاندا لەلا دروست بێت, ئەمەش لەژێر کاریگەری ئەو منداڵانەدا کە لە دەوروبەریانن لەگەڵ ئەو بایەخەی کە پێیان دەدرێت بە تایبەتی لەلایەن مامۆستایانی باخچەوە. (علی و ئەوانی تر ,٢٠١٣: ٦). باخچەی منداڵان کارەکات لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان و گەشەکردنی منداڵ لەهەموو لایەنەکانی (عەقڵی، کۆمەڵایەتی، هەڵچونی، هەستی جوڵەیی,....هتد) هەروەها دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ دەوروبەردا و پەرەدان بە توانا شاراوەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستی زیرەکییان، هەروەها باخچەی منداڵان جەخت دەکاتەوە لە سەر بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان و گرینگی بە لایەنی زمانەوانی و جەستەیی و زانستی و هونەری و کۆمەڵایەتی دەدات. (العمرانی، 2014: ١٩-٢٠)

لەم قۆناغەدا کێشە ڕەفتارییەکان باوترین جۆری کێشەکانی منداڵن، کە باوان و مامۆستایان پێوەی سەرقاڵن، مەبەست لە ڕەفتاریش هەرکردارو چالاکی و هەڵسوکەوتێکی (عەقڵی و هەڵچونی و جەستەیی و جوڵەیی و یاخود ئاکاری) بێت (خۆویست یان خۆنەویست)بێت و منداڵ جێ بەجێیان بکات دەچێتە چوارچێوەی ڕەفتار هەرچەندە ڕەفتارەکانی ناوەوە ڕاستەوخۆ هەستی پێناکەین وەك (بیرکردنەوە , زیرەکی ,.....هتد) بەڵام ڕەفتارە دەرەکیەکان هەستی پێدەکەین وەك (ڕاکردن, نانخواردن, بازدان,.....هتد) ڕەفتاری سەرەڕۆیی یەکێکە لە باوترین و نارێکترین ڕەفتارلای منداڵان کە وای کردووە سەرنجی توێژەران بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لاوازی ئاگایان یەکێکە لە ئاستەنگەکان کە دوچاری ئەم جۆرە منداڵانە دەبێتەوە، وادەکات منداڵ نەتوانێت پەیوەندیەکی باش دروست بکات لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی توانای شیکردنەوە و وەڵامدانەوەی بۆ ڕوداوەکانی دەوروبەری نەبێت، هەروەها توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ خۆی و دەوروبەرەکەیدا لاواز بێت. (عبدالله،٢٠١٨: ٤٨٥) کۆنترۆڵکردنی منداڵ لە پۆلدا بە شێکە لە بەدیهێنانی ڕەفتاری شارستانی و گرنگییەکی گەورەی هەیە لە ئامادەکردن و تەواو کردنی پڕۆسەی فێربوون، لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا، درێژەدان بە پڕۆسەی فێرکردن و هێشتنەوەی منداڵ لە پۆلدا بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن هۆکارە بۆ دروست بوونی پشێوی ناو پۆل، منداڵ لەم تەمەنەدا توانای گوێگرتن و دانیشتنی نیە بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەگەر پۆل کۆنترۆڵ نەبێت ئەوا ناتوانرێت هەموو منداڵەکان بەشداربن و چێژ لە چالاکییەکانی ناو پۆل وەربگرن، گرفتی کۆنترۆڵی پۆل یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان کە ڕووبەڕووی مامۆستایانی باخچە دەبێتەوە، ئەوان سەختییەکی زۆر دەچێژن لە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەومنداڵانەی ڕەفتاریی سەرەڕۆییان هەیە

ئەمەش وا یان لێدەکات کە زیاتر هەوڵیان لەگەڵ بدەن و شێوازی گونجاو بە کاربهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی پۆل. (عبدالله،2018: ٤٨٤).

گرنگی توێژینەوە:

پسپۆران و شارەزایانی بواری دەروونناسی گرنگییەکی تایبەت و جیاوازیان بەقۆناغی منداڵی داوە، لەبەر ئەوەی قۆناغێکی هەستیارو گرنگە لەژیانی مرۆڤدا، بوونی دامەزراوە پەروەردەییەکان بەتایبەت باخچەی منداڵان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە ئاڕاستەکردنی منداڵ بۆ پەروەردەو فێرکردنی ڕەفتاری دروست، بێگومان مامۆستا پایەیەکی سەرەکی باخچەیە و ڕۆلێکی کارای هەیە، لە تێرکردن و دابینکردنی پێداویستەکانی منداڵ لەم قۆناغەدا.(الحریری،2010: 45) ژینگەی خێزانی و باخچە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە، لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵدا بۆ پەروەردەکردن و ڕاهێنان لەسەر ڕەفتاری دروست، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا توانای بەڕێوەبردنی خۆی نیە بە شێوەیەکی دروست. (صادق, ۱۹۹۰: 279) باخچەی منداڵان وەك ژینگەیەکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی کە کاریگەری لە سەر خۆ شگوزەرانی منداڵ هەیە، و توانای کارلێك کردن و درو ستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان منداڵاندا هەیە، باخچە هەوڵدەدات لە پێناو هۆشیارکردنەوەی منداڵان لە ڕێگەی پیشاندانی چەندین ڕەفتاری نادروست لە بەرامبەردا ڕەفتاری دروست هەیە، لە ماوەی ئەنجامدانی چالاکییەکان و وە جیاکردنەوەی ڕەفتاری چاك و خراپ لە یەکتری. (کاظم , ۲۰۱۳: ٦٩١)گرینگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە کە چۆن بتوانرێت ئەو جۆرە منداڵانە بنا سینەوە کە ڕەفتاری سەرەڕۆییان هەیە، یەکێك لە نیشانە جیاواز و تایبەتەکانیان بێزارکردنی دایك و باوك و دەوروبەرەکەیەتی بە ئەنجامدانی ڕەفتاری بێزارکەر لە مانداا.بەشێکی دیکەی توێژینەوەکە بریتیە لە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، وەك ئاشکرایە شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل بایەخێکی زۆری هەیە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ منداڵان بەگشتی و منداڵانی سەرەڕۆ بەتایبەت، مامۆستایانی باخچە کاردەکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکان، کە یارمەتیان دەدات لە هەڵبژاردنی شێوازێکی گونجاو بۆ کۆنترۆلکردنی پۆل. (قندل, ۱۹۹۳: ۲۱۲).

گرینگی زانستی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، ئەوەندەی توێژەر ئاگاداربێت، هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەك لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان و بەزمانی کوردی ئەنجام نەدراوە.

بۆیە لەڕوی تیۆرییەوە بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەبێتەوە:

١. گرنگی قۆناغی باخچە بەو پێیەی قۆناغێکی پەروەردە و فێرکاریی بنەڕەتییە بۆ قۆناغەکانی دیکەی خوێندن.

٢. خستنەڕووی باخچە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی بۆ پێگەیاندنی نەوەکانمان .

٣. پێشکەش کردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پۆل لەلای مامۆستایانی باخچە.

٤. پێشکەش کردنی توێژینەوەیەك بەزمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی.

لەلایەکی ترەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەشێوازێکی ئەکادیمی و پێوەرێکی زانستی بۆ هەڵسەنگاندنی، ئاستی ڕەفتاری سەرەڕۆیی منداڵ و پەیوەندی بە شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆلەوە لای مامۆستایانی باخچە، کە سەرجەم مەرج و تایبەتمەندییە زانستییەکان بخاتەڕوو، بۆئەوەی توێژەرانی بواری باخچەی منداڵان خوێندکارانی

خوێندنی باڵا، و پسپۆڕانی بواری دەرونزانی بەگشتی و دەرونزانی گەشە بەتایبەتی،مامۆستایان و پسپۆڕانی پەروەردە، خوێندکارانی بەشی دەرونزانی و باخچەی منداڵان سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی وەربگرن.

ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لەهەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە دایە:-

١. دەستنیشانکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) لەدیدگای مامۆستاکانیانەوە.

٢. دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە لە دیدگای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوەکانی:) ڕەگەز, تەمەن,بڕوانامە،پسپۆڕی، ساڵانی خزمەت، جۆری باخچە).

3. دە ستنیشانکردنی شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆ ستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) بە شێوەیەکی گشتی.

٤. پەیوەندی ڕەفتاری سەرەڕۆیی منداڵ لەگەڵ شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچەی (حکومی و ناحکومی).

سنووری توێژینەوە:

سنوری مرۆیی/ مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومیەکانی (سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی شاری سلێمانی).

سنوری شوێنی/ سەرجەم باخچەی منداڵان لە سەنتەری پارێزگای سلێمانیدا بە حکومی و ناحکومییەوە لە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا).

سنوری کاتی / ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١.

دیاریکرنی چەمکەکان:-

یەکەم: پێناسەی ڕەفتار: Behavior

1- بۆکانی (2020):- ڕەفتار بابەتی سەرەکی توێژینەوەکانی دەرونزانییە، چالاکی بونەوەری زیندووە کە بواری سەرنجدان و تێبینیکردنی هەیە، ئەم چالاکییەش گشتی و لێکدراوە و سێ لایەن لەخۆ دەگرێت و بریتین لە مەعریفی و هەڵچوونی و جوڵەیی. (بۆکانی،٢٠٢٠: ١٩٦-١٩٧)

٢- الزعبي (٢٠١٨):- ڕەفتار بریتییە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بوونەوەری زیندوو لە بۆشایی یان(بێباکی) ئەو بوونەوەرە زیندووە نایەت و لە بۆشایشدا واتا(بەبێ ئامادەسازی و بوونی ژینگەی لەبار) ڕوونادات، و هەر ڕەفتارێک کە بوونەوەرێکی زیندووە پێی هەڵدەستێ ئەوا شوێنێک و کاتێک داگیر دەکات و پەیوەست دەبێت بە بەشێک لە جەستەی ئەو بوونەوەرە زیندووە.(الزغبي,٢٠١٩: ٢٤)

٣- عبد العظیم(٢٠١٣):- بریتییە لە ســەرجەم ئەو چالاکییانەی کە لەلایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، جا ئەگەر بەشێوەی کرداری هەست پێکراوبێت وەک چالاکی فسیۆلۆجی، و جولّەیی، یاخود چالاکییەکی هەست پێنەکراو بێت، وەک بیرکردنەوە، بیرهاتنەوە،...تاد.(عبد العظیم،2013: 21)

پێناسەی ڕەفتاری سەرەڕۆیی:Impulsive Behavior

١. الشــبول(٢٠١٧):- بریتیە لە کەمی بیرکردنەوەی منـداڵ لە کـاتی وەڵامـدانەوە لە هەلومەرجی جیـاوازدا، وەڵامدەداتەوە پێش ئەوەی پرسیارەکە تەواو بێت، توانای چاوەڕوانیکردنی نییە.(الشبول،10:2017)

٢. شـعلان (٢٠١٤):- منداڵانی خاوەن ڕەفتاری ســەرەڕۆ، وەڵامدانەوەی خێرایان هەیە بۆ هەر وروژێنەرێك و ناتوانن وەڵامێکی ڕاست و دروست بدەنەوە. (شعلان, ٢٠١٤: ١٥).

٣. رضــوان (٢٠٠٢):- ڕەفتارێکی چاوەڕواننەکراوی منداڵە و توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکانی نییە.(رضــوان , ٢٠٠٢:٥٤٨).

پێناسەی تیۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی:-

بریتییە لە وەڵامدانەوەیەکی خێرا و چاوەڕوان نەکراوی منداڵ دەستبەجێ هەڵە دەکات.

پێناسەی ڕێکاریی ڕەفتاری سەرەڕۆیی:

بریتییە لە نمرەی وەڵامدانەوەی مامۆســتایان، کە وەک ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانی ڕەفتاری ســەرەڕۆیی لەلای منداڵانی باخچە، لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە.

سێیەم: پێناسەی منداڵی باخچە:Child Kindergarten

1. صـایغ(٢٠٠٦):- ئەو جۆرە منداڵانەن کە تایبەتمەندی و پێداویسـتی جودای خۆیان هەیە,دەتوانین ووردتر بڵێین منداڵانی هەردوو پۆلی یەکەم و دووهەمی باخچە کە تەمەنیان کەوتووەتە نێوان(٣-٦) ساڵانەوە. (ئەلسایغ ،٢٠٠٦: ٢)

٢. العمرانی (٢٠١٤):- ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٥،٤) سـاڵدایە و بۆ ماوەی دوو سـاڵ لە باخچە دەمێننەوە .(العمرانی،٢٠١٤: ١٩)

پێناسەی ڕێکاریی منداڵی باخچە:

ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە تەمەنیان لەنێوان (٤-٦) ســاڵیدایە دەخرێنە باخچە بەمەبەســتی ئامادەکردنیان بۆ قوتابخانە و فێربوونی چەند ڕەفتارێکی دروست و بەها جوانەکانی کۆمەڵگا.

چوارەم: پێناسەی باخچەی منداڵان:Kindergarten

١- بۆکانی (٢٠٢٠):- دەزگایەکی پەروەردەی کۆمەڵایەتییە ئامانجی گەشـەیەکی تەواو و هاوسـەنگە لە هەموو لایەنە جۆراو جۆرەکانی جەســتەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەروەها ئامانجی بەرزکردنەوەی تواناو بەهرە جیاوازەکانە لەڕێگەی یاری و چالاکی ئازادانەوە. (بۆکانی،٢٠٢٠: ٥٦)

٢- حەمەدەمین (٢٠١٦):- بریتیە لە ناوەندێکی پەروەردەیی، کە رووبێکی ئامانجی پەروەردەکردنی منداڵە، لە لایەنی جەستەیی و دەروونی، رووبێکی دیکەی ئامانجی چارەسەرکردنی گرفت و حاڵەتە نەخوازراوەکانی منداڵە. (حەمەدەمین,٢٠١٦: ١٢٦)

پێناسەی تیۆری باخچە:

دەزگاکانی باخچەی منداڵان بریتین لەو دەزگا فێرکارییە حکومی و ناحکومییانەی کە هەڵدەستن بە وەرگرتنی ئەو منداڵانەی کە لە خوار تەمەنی چوونی قوتابخانەی سەرەتاییەوەن و بەرنامەی پەروەردەییان پێشکەش دەکەن، بە ئامانجی ئامادەکردنیان و وەرگرتنی هەندێک توانا و شارەزایی مەعریفی و کۆمەڵایەتی بۆ ئامادەبوون بۆ چوونە قۆناغی سەرەتاییەوە و بایەخ بە لایەنە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ دەدەن.

پێنجەم: پێناسەی کۆنترۆڵی پۆل:Classroom Control

١- محمد و الباسط (٢٠١٨):- بریتییە لە کۆمەڵێك یاسا و رێسای پۆل، کە مامۆستاو خوێندکار لە سەری رێکەوتوون و خوێندکارانیش پابەندن پێوەی . (محمد و الباسط,٢٠١٨: ٩٦) .

٢- مونس (2015):- بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و سیستەم کە مامۆستایان بە کاریدەهێنن لە ناو پۆلدا ، پێویستە منداڵ پێوەی پابەند بێت، بە ئامانجی دروست کردنی کە شێکی ئارام لە پۆلدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی.(مونس،٢٠١٥: ٤٤).

پێناسەی تیۆری کۆنترۆڵی پۆل:- بریتییە لەسەرجەم ئەو رێ و شوێنانەی لە پۆلدا کە مامۆستا دەیگرێتەبەر بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجی پەروەردەیی و سەرخستنی پڕۆسەی پەروەردە.

شەشەم: پێناسەی مامۆستای باخچە:Kindergarten Teacher

١. برکات (2014- ٢٠١٥):- بەیەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین کەسایەتییەکان دەدانرێت، کە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ منداڵدا هەیە، وایان لێدەکات کە حەز بە باخچە بکەن، دەکرێت بڵێین لە دوای خێزان مامۆستا یەکەم کەسە ڕاستەوخۆ مەمەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکات و پێی ئاشنا دەبێت، هەروەها ڕۆڵێکی باش دەبینێت لە گەشە کردنی بەهرەکانی منداڵدا.(برکات،2014-٢٠١٥: ١١).

٢. مردان (٢٠٠٤):- بریتی یە لەو کەسەی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆ کارلێك کردن لەگەڵ منداڵ، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان ئەزموون و شارەزاییە کە یارمەتی منداڵ دەدات تاکو خۆی بگونجێنێت لەگەل، ژینگەی دەوروبەر و هەروەها ئەرکی مامۆستای باخچە ئامادەکردنی منداڵە بۆ قۆناغی قوتابخانە. (مردان، ٢٠٠٤: ٢٢٨-٢٢٩).

پێناسەیی تیۆری مامۆستای باخچە:- بەو کەسە دەوترێت کە هەڵدەستێت بە پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵ لە قۆناغی باخچەدا، دابین کردنی پێداویستییەکانی منداڵ لە باخچە.

چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:-

یەکەم:ڕەفتاری سەرەڕۆیی:-

قۆناغی منداڵی بەگرنگترین قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنرێت، بەو پێیەی قۆناغی دروستبوونی کەسایەتی منداڵە لەداهاتوودا، جا ئەگەر ئەم کەسایەتییە تەندروست بێت یاخود ناتەندروست، پەیوەندی بەشڵەژاوییە دەروونییەکانەوە هەیە، کە لە دەرئەنجامی مامەڵەی نادروستی دەوروبەردا دروست دەبێت، ئەم قۆناغە تایبەتمەندی خۆی هەیە جیاواز لە قۆناغەکانی تری ژیانی مرۆڤ، سەرەڕۆیی زۆرکات دەبێتە هۆی دروست بوونی مەترسی پێشبینی نەکراو، ئەو منداڵانەی ڕەفتاری سەرەڕۆییان هەیە بەردەوام ڕوبەڕووی ڕەخنە دەبنەوە لەلایەن کەسانی تردەوە بەهۆی زۆر قسەکردن و درێژەدان بە بابەتەکان، هەروەها بەردەوام لە بەربەرەکانێ و ململانێدان لەگەڵ دەوروبەردا، گرنگی بە هەستی کەسەکان و ڕەفتارەکانیان و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان نادەن، توێژینەوەکان دەریانخستوە منداڵان و هەرزەکاران زیاتر دووچاری ئەم حاڵەتە دەبنەوە، بەوپێیەی ئەو منداڵانەی ڕەفتار و جوڵەیان خێرایە، لە ناکاو جۆرێک لە جوڵە بەبێ بیرکردنەوە ئەنجامدەدەن، هەموو ئەمانە بەگشتی بە ڕەفتاری سەرەڕۆیی ناودەبرێت، هەروەها ئەم منداڵانە بیر لە دەرئەنجامی نەرێنی کارەکانیان ناکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زیرەکن و توانای ئەنجامدانی ڕەفتاری جوان و جوڵەیی ئاساییان هەیە، منداڵانی سەرەڕۆ کاتێک وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە بەشێوەیەکی زۆر خێرا وەڵامدەدەنەوە، بەبێ ئەوەی هیچ توانایەک بخەنە کار، سەرئەنجام دەکەونە هەڵەوە، ئەم جۆرە منداڵانە توانای بەرەنگار بوونەوەی ئەو گیرو گرفتانەیان نییە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو خۆڕانەگری و بێ پلانیەی کە هەیانە، ئەم ڕەفتارە بەشێوەیەکی بەرچاو لە منداڵانی تەمەن خوار هەشت ساڵ بەدی دەکرێت، زۆرجار ڕەفتاری سەرەڕۆیی دەبێتە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕەفتاری دوژمنکاری لای منداڵ. (القشاعلە٢٠١٦: ٧٥-٧٦) ئەم ڕەفتارە بە یەکێک لە ڕەفتارە باوەکان دادەنرێت کە لە ناو منداڵاندا بڵاوە و بەپێی توێژینەوەکان بە ڕێژەی لە(40-50%)کێشە ڕەفتاریەکان پێکدەهێنێت. (ابوغزالە والدبلجی،٢٠١٤: ٢٠٢)ئەم شڵەژانە ڕەفتاریە دروست دەبێت بەهۆی بوونی کێشە لە بەشی پێشەوەی مێشک کە زۆرکات بە هۆی بەرکەوتنی زەبر بەو بەشەی مێشک دروست دەبێت، کە ئەمە لەسەرەتای قۆناغەکانی منداڵی دوچاری دەبێتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەفتاری شەڕانگێزی بنوێنێت،و گوێڕایەڵی دایک و باوک نەبێت و حەز بەوانەکان نەکات و خۆی بەشتی لاوەکییەوە سەرقاڵ بکات، بەپێ ی توێژینەوەکان ڕێژەی توشبوون لە کوڕاندا زیاترە بە بەراورد بە کچان. (زینب،٢٠١٩: ٧٢) ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵان لە تەمەنی سێ ساڵ بۆ سێ ساڵ و نیوە وە دەردەکەوێت، بەردەوام دەبێت هەتا ساڵەکانی سەرەتای گەنجی، ئەم ڕەفتارەش جۆرێکە لە شڵەژانە ڕەفتاریەکان لای منداڵان، هاو شێوەی شڵەژانەکانی دیکە وەک: فرەجوڵە و کەمی بەئاگایی، هەروەها ئەم شڵەژانە بەڕێژەی لە (3-5%) کاریگەری لە سەر منداڵانی ئەم قۆ ناغەداهەیە، ڕێژەی توشبون لە کوڕا ندا زیاترە بە ڕێژەی (4,1) بەراورد بە کچان. (ئەنتەرنێت،خیریە هنداوی، ٢٠٢١/٣/٢٨)

لێرەدا چەند نیشـــانەیەک دەخەینە ڕوو کە ئاماژەن بۆ ڕەفتاری ســـەرەڕۆیی لای منداڵ کەبریتین لە مانەی خوارەوە:-

- بەبێ بیرکردنەوە وەڵامدانەوەی خێرایی هەیە بۆ هەڵوێستە جیاوازەکان.
- وەڵامدەداتەوە پێش ئەوەی پرسیارەکە تەواو بێت.
- قسە بە ئەوانی تر دەبڕێت و خۆی دەدوێت.
- بیر لە دەرئەنجامی ئەو کارە ناکاتەوە کە ئەنجامی دەدات.
-زۆر قسەدەکات و درێژە بە بابەتەکان دەدات.
- دەست وەردان لە کاروباری کەسانی تر. (النابلسی،2013: ٣٦)
- هەڵپەکردن لە کاتی قسەکردندا بێ ئەوەی ڕەچاوی کات و شوێنی گونجاو بکات.
-بەردەوام ناڕازییە و ڕەخنە و گلەیی ئاڕاستەی کەسانی دیکە دەکات.
-پەلەکردن لە کاتی ڕۆیشتن و پەڕینەوە لە شەقامەکاندا.(عبدالله،1993: ٩٩-١٠٣)
-کەمتەرخەمە لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی.
-خۆی بەدور دەگرێت لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی پێویستی بە سەرنجدان هەیە.
- فرەجوڵەو گێرەشێوێنە.
- کارەکەی بە ناتەواوی جێدەهێڵێت و دەست بە ئەنجامدانی کارێکی دیکە دەکات.
-جوڵەکانی خێرایە.(معوض،٢٠١١: ٨٢٩)

لێرەدا هۆکارەکانی ڕەفتاری سەرەڕۆیی دەخەینەڕوو کەبریتین لە:

یەکەم: هۆ کارە بۆ ماوەییە کان:-یەکێک لەو هۆ کارانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دوو چار بوونی منداڵ بەم حاڵەتە، هۆکارە بۆماوەییەکان یاخود جینییەکان ،کە لەباوانەوە دەگوێزرێنەوە بۆ نەوەکانیان ، ئەگەرهاتوو ئەم ڕەفتارە لە خێزاندا بوونی هەبێت، ئەوا بەڕێژەی لە (٣٠%)ئەگەری دووبارە بوونەوەی هەیە لەنێو منداڵانی هەمان خێزاندا. (ئەنترنێت،خیریە الهنداوی، ٢٠٢١/٣/٢٨).

دووەم:هۆکارە دەماریەکان (مێشـــک):زانایانی بواری دەمارناســـی پێیان وایە یەکێک لەهۆکارەکان کە منداڵ دووچاری ئەم ڕەفتارە دەبێتەوە، بوونی گرفتە لە بەشی پێشەوەی مێشک کە دەکەوێتە سێ یەکی پێشەوەی مێشک لەبەشی خوارەوەی نێو چاوان، کە ئەمەش دەکرێت بە سێ بەشەوە کە بریتین لە:- ١-بەشی تەنیشت دوور لەتەوەر ٢- بەشـی پشـتێنەی سـوڕاوە، ٣-بەشـی خواروی ڕوی پێشـەوەی مێشـک. دروسـت بوونی گرفت لەم بەشـەی مێشـک بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە، دەکرێت بەهۆی بوونی ڕوداوێکەوە بێت و زەبر بەر ئەو بەشـــەی مێشـــک کەوتبێت ،جا ئەگەر لەکاتی لە دایک بوون بێت یاخود دوای لەدایک بوون. (الزغول،٢٠٠٦: ١٢١).

سێیەم:هۆکارە ژینگەییەکان:هۆکارە ژینگەییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە بەشێوەیەک لەسەر شڵەژانەکان و شڵەژانە ڕەفتارییەکان بەتایبەتی، کە هۆکارە ژینگەییەکانیش ئەمانە دەگرێتەوە:- جۆری خواردن گاریگەری هەیە لەسەر ئەم ڕەفتارە بەتایبەت ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە ماددە دەستکردەکان، ڕێژەی شەکری زۆرە وەک شوکوڵاتە، کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی وزەی منداڵ. - توشبوونی منداڵ بە چەند جۆرێک لە ڤایرۆس و بەکتریاو هەوکردن، بەتایبەتیش سورێژەی ئەڵمانی.- زۆر بەکارهێنانی جۆری ئەو یاریە ڕەنگدارانەی کە لە پێکهاتەکەیدا ماددەی ڕە سا سی تێدایە.- فشارخستنەسەر منداڵ بەتایبەتی لەکاتی پەروەردەکردندا.(زینب،2018: ٧٢)

لێرەدا بەشێک لە چارەسەرەکانی ڕەفتاری سەرەڕۆیی دەخەینەڕوو کە بریتین لە:-

یەکەم:چارە سەری ڕەفتاری مەعریفی: چارە سەری ڕەفتاری یەکێکە لە ڕێگا نوێیەکان، کەپشت دەبە ستێ بە تیۆری فێربوون و هونەری چارەسەرکردن کەئامانجی گۆڕانکاری کردنە لەڕەفتاری منداڵدائامانجی سەرەکی ئەم ڕێگایە ، زیادکردنی ڕەفتاری خوازراو وکەمکردنەوەی ڕەفتاری نەخوازراولەڕێناو بەدیهێنانی خۆگونجاندی تاک لەگەڵ ژینگەکەی ، چاکسازیکردن لەڕەفتاردا لەڕێگای دوو بارە ڕێکخستنەوەی گۆڕانکارییە ژینگەییەکەی،کە پەیوە ندی بەڕەفتارەوە هەیە.(بطرس،٢٠١٠: ١٩٢)یەکێک لەڕێگاکانی چارەسەرکردن کەگرنگی دەدات بە چاکسازی ڕەفتاری لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە ئەم ڕەفتارەیان هەیە.

دووەم:چارەسەری خێزانی: یەکێک لە چارەسەرە گرنگەکان چارەسەری خێزانییە ،یارمەتیدان بۆڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵ و کەمکردنەوەی فشار لەسەر منداڵانی سەرەڕۆ ،باترسون پێشنیاری بەرنامەیەکی فێرکاری کرد بۆ باوان ، کەبنەمای سەرەکی بەرنامەکە هاوکاری کردنی منداڵان بوو،کە بتوانن ڕەفتاری خوازراو ئەنجامبدەن و دوربکەونەوە لە ڕەفتاری نەخوازراو.(مصطفی,٢٠١٠: 164)

سێیەم:چارەسەری خۆراکی: ئاشکرایە خۆراک گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا بەگشتی و منداڵ بەتایبەتی خۆراکی ناتەندروست هۆکاری زۆرێک لە کێشەکانی منداڵە ،بەتایبەت ئەو خۆراکانەی کە دەستکردن و ڕێژەیەکی زۆر لە شەکریان تێدایە ،زۆرێک لە تویژینەوەکان جەخت لەسەر ئەوەدەکەنەوە کە ڕێژەی بەکارهێنانی شەکر کەم بکرێتەوە ،چونکە ئەنجامی تویژینەوەکان دەریان خستووە کە زۆربەی ئەو منداڵانەی کە دووچاری کێشەی ڕەفتاری دەبنەوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە شەکر وادەکات منداڵ وزەیەکی زۆری هەبێت و بەردەوام بجوڵێت بەمەش دەبێتە هۆی بێزارکردنی چواردەوریان،پسپۆڕانی خۆراک پێشنیاری بەکارهێنانی جۆری ئەو خۆراکانە دەکەن کە دەوڵەمەندن بەپڕۆتین وەک (هێلکە ، ماست، پەنیر).(ابو سعد،2006: 151)

چوارەم:چارەسەر بە دەرمان: لە نێوان ئەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەری هەستکردن بەکارهێناون، زۆربەی بەکارهێناوەکان دژە شۆخەکان، بلۆککەرەکانی بیتا ئادێرنەرجیک یان ئەنتاگۆنیست، لیتیۆم و بریکارەکانی دژە سایسکۆتیک (Conacher, 1997; Moeller et al., 2001). بۆ توشبووانی ADHD و مێتیلفینیدات و دکسترۆمفێتامین و پێمولین دەنوسرێت (فینک و مەککۆن، 1993). جگە لەم دەرمانانەی بۆ ڕێگریکردن لە دابەزینی هۆرمۆنی سیرۆتین (SSRIs)پێشنیاریکرد بۆ چارەسەری ئەوانەی کێشەی کەسایەتییان هەیە، هەروەها کەمی ئەم

هۆرمۆنە کێشـــە لە خوێن دا دروســـت دەکـات کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەســـەر باری دەروونی کەســـە کان جێدەهێلێت.(Rinne, Brink, Wouters and Dyck, 2002)

تیۆرەکانی تایبەت بە ڕەفتاری سەرەڕۆیی:-

یەکەم تیۆری کاگان:- پێی وایە ڕەفتاری ســـەرەڕۆیی ســـەرهەڵدەدات لەمیانەی بەراورد کردنیان بە منداڵانی تر، بەتایبەتی منداڵانی هێمن و لەسەرخۆ، سەرەڕای ئەوەی کە گرنگییەکی ئەوتۆیان پێنادرێت و زیاتر ڕوبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە بەهۆی بێ تواناییان لە بڕیاردان، کاگان لە توێژینەوەکانیدا دووپاتی کردووەتەوە کە منداڵانی ســەرەڕۆ زووتر و دەکەونە هەڵەوە و هۆکارە دەرەکییەکان زیاتر کاریان تێدەکات و دەیان وروژێنێت، بە بەراورد بە منداڵانی ئاسایی، هەروەها پێی وایە کە مرۆڤەکان لە ئاست و شێوە و پێکهاتەدا جیاوازن بەجۆرێک چەند سیمایەکی کەسایەتی هەیە بەگوێرەی باگراوندی شـارسـتانی و ڕۆشـنبیری دەگۆڕێت، ڕوونیشـی دەکاتەوە کە پڕۆسـە عەقڵییەکان یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە هۆکار و هەڵوێستە جیاوازەکان و کە دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە بڕیار لەسەر کەسیەتی و ڕەفتاری تاک بدرێت لە هەڵوێستێکی تایبەتدا.(عبدلله،2018: ٤٩١-٤٩٢)

دووەم: تیۆری کەسایەتی:-

هانز جۆرج ئیزنک لە ساڵی (1997) جۆرەکانی کە سایەتی مرۆقی دەستنیشانکرد کە بریتین لە کەسایەتی (سادە، گۆشـــەگیر، تووڕە، هاوســـەنگ، هەڵچوو، ڕاســـتەقینە،...)ئەم تیۆرە پێی وایە کە ســـەرەڕۆیی بەشـــێکە لەپێکهاتەی کەسایەتی و کاریگەری گەورەی لەسەر ڕەفتار هەیە، پێی وایە کە سەرەڕۆیی تێکەڵەی سێ جۆری کەسایەتی (سادە، هەڵچوو، هۆشـمەند) جەختیش دەکات لە بوونی بنەمای بیۆلۆجی بۆ ئەم سـێ جۆرە لە کەســایەتی، هەروەها ئیزینک پێی وایە کە ســـەرەڕۆیی لایەنە هۆشـــییەکان و ڕاســـتەقینەکان لەخۆدەگرێت، ئەو منداڵانەی ســـەرەڕۆییان هەیە، ئاستێکی بەرزی بیرکردنەوەیان هەیە، ئیزینک لە ساڵی(١٩٨٥)گەیشتە ئەو باوەڕەی کە سیفەتی(ئاسانکار و هۆشمەند) دوو سیمای باش و ئەرێنی منداڵی سەرەڕۆیە، هەروەها بەپێی زانستی دەروونزانی کەسایەتی و ئەنجامی تیۆرەکەی ئیزیک سەرەڕۆیی وەک سیمایەک لە سیماکانی کەسایەتی دەناسرێت، و پێی وایە سەرەڕۆیی بریتیە لە سەرکێشی و هاوسۆزی دەربڕین.(Ey senck eysenck ,1985,p71-72)

دووەم:باخچەی منداڵان:-

گومـان لەوەدا نیە کە پەروەردە ڕۆڵێکی ســـەرەکی و پڕ بـایەخی لە بـاخچەدا هەیە، ئەگەر پەروەردە ئەرکی پێگەیاندنی تاکێکی بەســـود و هاوکار بێت لە بنیادنان و پێشـــخســـتنی کۆمەڵگا خاوەن کەســـایەتیەکی بەهێزبێت لە هەموو لایەنەکانەوە، ئەوا باخچەش گرنگی بە گەشـــەی منداڵ دەدات لە لایەنەکانی(جەســـتەیی،ئەقڵی،جووڵەیی، هەڵچوونی و زمانەوانی، کۆمەڵایەتی، دەروونی) هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات تاکو بتوانێت هەستەکانی دەربڕێت، لە ئاماژەکان تێبگات و خەیاڵ و ئەندێشـــەی فراوان بکات، هاوکات بایەخدان بە بەها کۆمەڵایەتیەکان و مافی خاوەندارێتی تایبەت و گشـــتی لای منداڵ و زیادکردنی توانای منداڵ بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــەو گرفتانەی ڕوبەڕویان دەبێتەوە، هەروەها دروستکردنی هەستی متمانە بەخۆبون و دروستبونی کەسایەتیەکی بەهێز لای منداڵ،

و فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵ لەسەر چۆنیەتی گرنگیدان بەجەستەی خۆیان و پاراستن و بەکارهێنانی ئەندامەکانی جەستە بەشێوەیەکی دروست. (الحریری،2010) هەروەها (بدر له 2012) ئاماژەی بە هەندێک لە ئامانجەکانی باخچەی منداڵان کرد کە بریتین لە ڕەچاوکردنی شێوازەکانی بیرکردنەوە لای منداڵ و یارمەتی دانیان لە دروستکردنی کارامەییەکانیان گرینگی دان بە هەستەکانیان، و تێرکردنی پێداویستیەکانی منداڵ و ڕەخساندنی ئازادی بۆ منداڵ تاکو بتوانێت بەبێ هیچ فشارێک کارو چالاکییەکانی جێبەجێ بکات، هەروەها گرنگیدان بە بابەتەکانی زمان و بیرکاری و زانست وهونەر، پەیوەستکردنی بابەتەکان بەو ژینگەیەی تێیدا دەژی، ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی فێربوونی ڕێکخراو، قۆناغی باخچە قۆناغی ئامادەکارییە بۆ چونە نێو ژیان و لە هەمان کاتیشدا درێژەپێدەری قۆناغی منداڵییە، بۆیە بەقۆناغی سەرەتا و دەستپێک ناو دەبرێت، وە هەروەها یەکێکە لە قۆناغە هەستیارەکان بۆ فێربونی کارامەیی و پێشکەوتنی گەشەی عەقڵی لەم قۆناغەدا.(عبدالرؤف،2008: ٤٢)

سێیەم:کۆنترۆڵی پۆل:-

کۆنترۆڵی ناو پۆل جیاوازیان هەیە، لە ڕووی شێواز و جۆر و ڕێگاکانییەوە و تاڕادەیەک ئاڵۆزە مامۆستا بەرپرسیارە لەو گۆڕانکاری و ڕوداوانەی کە پۆلدا ڕوودەدات، وەک پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە مامۆستاوە، جگە لەمەش پێویستە مامۆستا منداڵەکان ئاگاداربکاتەوە بۆ پاراستنی کەل و پەلەکانی ناو پۆل و پێداویستییەکان و ئامرازەکانی فێرکردن .(ابوجادو،٢٠٠٦: ٣٥١)

شێوازەکانی کۆنترۆڵی پۆل:-

1.شێوازی دیکتاتۆری:- ئەم شێوازە بریتیە لە خۆسەپاندنی مامۆستا لە پۆلدا و بەکارهێنانی پێگەی خۆی بۆ جڵەوگرتن و کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ناو پۆل، بە بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن و ، ڕێگەنەدان بە گفتوگۆکردنی منداڵان لەپۆلدا، بەڕەچدانەوەی هەر ڕەفتارێکی نامۆ و نادروست کە لەلایەن منداڵەوە ئەنجامدەدرێت. (الدویک،2001: 18)

2.شێوازی دیموکراسی:- دەتوانین بڵێین شێوازی دیموکراسی بریتییە لە:گفتوگۆکردن لەنێوان مامۆستاو منداڵدا ، وەرگرتنی بۆچونی منداڵ لەسەر بابەتەکە، لەم شێوازەدا سەرەڕای هەبونی ئازادی ،سنوریش بوونی هەیە،پێویستە منداڵ پابەندی یاساو ڕێساکانی ناو پۆل ببێت، لەم شێوازەدا پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستییە. (الکیکی ،1991: 29)

3.شێوازی پشێوی:- دەکرێت بڵێن لەم شێوازەدا مامۆستا هیچ گرنگی و بایەخێک نادات بە کۆنترۆڵی پۆل و بەڕێوە چوون و پێشخستنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، تەنها پشت بەو چالاکییانە دەبەستێت کە منداڵەکان ئەنجامی دەدەن، منداڵ ئازادە لە ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی ئەرکەکەی، وە ئازادیشە لە پابەند بوون یاخود پابەند نەبوونی یاسا و ڕێساکانی ناو پۆل بڕیارەکان بۆ فێرخواز جێ دەهلێت، هەموو داواکارییەکانی منداڵ جێ بەجێ دەکات و هەوڵنادات بۆ ڕاستکردنەوەی ڕەفتاری منداڵ.(العاجز،2007: 16)

4. شێوازی نەریتخوازی:- ئەم شێوازە درێژەدانە بە شێوازی پەروەردەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و پشت بە ستن بە بەهاکانی کۆمەڵگا هەروەها مامۆستا پێویستی بە ڕێزگرتن هەیە، پێویستە لە سەر منداڵەکان ڕێزی بگرن، لەبەر ئەوەی ئەم شێوازە درێژە پێدەری پەروەردەی خێزان و کۆمەڵگەیە. .(شفشق و أخرون ,١٩٩٥: ١١)

چوارەم:تویژینەوەکانی پێشوو.

تویژینەوەی تایبەت بە ڕەفتاری سەرەڕۆیی:

تویژینەوەی (عبدالله،2018) بەناونیشانی(ڕەفتاری سەرەڕۆیی لەلای منداڵ وپەیوەندی بەشێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستای باخچە) ئامانجی ئەم تویژینەوەیە بریتیە لە زانینی ڕەفتاریی سەرەڕۆیی لەلای منداڵی باخچە و شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، زانینی پەیوەندی نێوان ڕەفتاری سەرەڕۆیی و شێوازەکانی کۆنترۆڵکردنی پۆل لای مامۆستایانی باخچە، تویژەر بۆ ئەنجامدانی تویژینەوەکەی مێتۆدی وەصفی و شیکاری بەکارهێناوە، سامپڵی تویژینەوەکەی بریتی بوو لە(250)منداڵی کورِ و کچ، کەتەمەنیان لەنێوان (4-5)ساڵیدابوو، هەروەها (250) مامۆستای باخچە، بەشێوازی هەڕەمەکی لە(42) باخچەی حکومی سەربە بەڕێوبەرایەتی گشتی پارێزگای(کرخی یەکەم و کرخی دووەم)،تویژەر هەستا بەبەکارهێنانی ڕاستی ڕواڵەتی و بنیاتنەری بەکارهێناوە، هەروەها ڕێگای دوو بارەکردنەوەی بەکارهێنا بۆ جێگیری، لەکۆتایدا تویژەر گەیشت بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە کەبریتین لە:- بوونی ڕەفتاریی سەرەڕۆیی لەلای منداڵانی باخچە.- شێوازی دیموکراسی باوترین شێوازە لەلای مامۆستایانی باخچە بەکاردێت.- پەیوەندییەکی پێچەوانەی نەرێنی هەیە لە نێوان ڕەفتاری سەرەڕۆیی وشێوازی دیموکراسی وەهەروەها پەیوەندییەکی لاواز لەنێوان ڕەفتاری سەرەڕۆیی و شێوازی دیکتاتۆری و ئاڕاوەگێڕی هەیە.

تویژینەوەی تایبەت بە کۆنترۆڵی پۆل:

تویژینەوەی (النداوی،بەناونیشانی، کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە) ئامانج لەم تویژینەوەیە، زانینی ئاستی کۆنترۆڵی پۆلە لەلای مامۆستایانی باخچە، کۆمەڵگای تویژینەوەکە بریتی بوو لە، سەرجەم مامۆستایانی باخچەی حکومی سەر بەپارێزگایی بغداد بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧)، سامپڵی تویژینەوەکە بریتی بوو لە (٤٠٠) مامۆستایانی نێر و مێ، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە، تویژەر هەستا بە دروستکردنی پێوەر بەپشت بەستن بە هەنگاوی زانستی دەرونی، بۆ ڕاستی پێوەرەکەش، هەستا بە وەرگرتنی بۆچوونی پسپۆڕانی ئەو بوارە ، پێوەرەکەش پێکهاتبوو لە (٢٦)بڕگە، تویژەر کەرەستەی ئاماری t-test و پیرسون و الفاو کرونباخ ی بەکارهێنا،لەکۆتاییدا گەیشت بەو دەرئەنجامەی کە کۆنترۆڵی پۆل لای مامۆستایانی باخچە لە ئاستێکی بەرزدایە.

بەشی سێیەم:

ڕێکارەکانی توێژینەوە:

١-٣ ڕێبازی توێژینەوەکە:-لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی توێژینەوەی وەسفی و بەراوردکاری بەکارهێناوە، چونکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە گونجاوە.

٢-٣ کۆمەڵگای توێژینەوەکە:-کۆمەڵگای توێژینەوەکە سەرجەم مامۆستایانی باخچەی منداڵانی حکومی وناحکومی سەربە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای سەنتەری شاری سلێمانی بوو، پێکهاتبوو لە (٣٥)باخچەی حکومی و (٤٠)باخچەی ناحکومی کە کۆی گشتی دەکاتە (٧٥)باخچە، بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت بەباشی گشتاندن بۆ ئەنجامەکان بکات.

خشتەی (1)

کۆمەڵگای توێژینەوەکە

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای سلێمانی					
جۆری باخچە	حکومی		کۆ	نا حکومی		کۆ
پەروەردە	ڕۆژهەڵات	ڕۆژئاوا		ڕۆژهەڵات	ڕۆژئاوا	
ژ. مامۆستا	348	468	816	55	247	302
ڕێژەی سەدی %	%72.9874			% 27.0126		

٣-٣ نموونەی توێژینەوەکە:-توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی بە شێوازی هەڕەمەکی چینایەتی دیاریکرد، کە پێکهاتبوو لە (816)مامۆستا لە باخچەی حکومی و (30)مامۆستا لە باخچەی ناحکومی کۆی گشتی بریتی بوو لە (1118) مامۆستای باخچە، بەڕێژەی لە (5.25%) وەرگرت.کە دە کاتە (285) مامۆستا لەهەردوو بەڕێوبەرێتی پەروەردەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، لەهەر دوو بەشی حکومی و ناحکومی لە سەنتەری شاری سلێمانی.

خشتەی(2)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

ڕەگەز	حکومی	ڕێژەی سەدی %	نا حکومی	ڕێژەی سەدی%	کۆ
نێر	66	% 8.0882	20	% 6.6225	86
مێ	750	% 91.9118	282	% 93.3775	1032
کۆ	816	% 100	302	% 100	1118

توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی بەپێی گۆڕاوی تەمەن پۆلێنکرد بەسەر چوار پۆلدا، هەروەک لە خشتەی ژمارە 3) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی(3)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی (تەمەن)

ژ	تەمەن	ژمارەی مامۆستا	ڕێژەی سەدی %
1	21-31	70	%24.5614
2	32-42	88	%30.8771
3	43-53	99	%34.7368
4	54-64	28	%9.8245
5	کۆی گشتی	285	%100

توێژەر هەستا بە وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی بڕوانامە کە پێکهاتبوو لە (204) بڕوانامەی دبلۆم و (81)بڕوانامەی بەکالۆریۆس، کۆی گشتی بریتی بوو لە (285)، هەروەک لە خشتەی ژمارە(4) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی (4)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی(بڕوانامە)

ژ	بڕوانامە	ژمارەی مامۆستا	ڕێژەی سەدی %
1	دبلۆم	204	%71.5789
2	بکالۆریۆس	81	%28.4211
3	ک.گشتی	285	%100

توێژەر سامپڵی توێژینەوەکەی بەپێی گۆڕاوی (ساڵانی خزمەت) پۆلێنکرد بە سەر چوار پۆلدا، هەروەک لە خشتەی ژمارەی (5) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی(5)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی(ساڵانی خزمەت)

ژ	ساڵانی خزمەت	ژمارە	ڕێژەی سەدی %
1	1-10	87	%30.5263
2	11-20	93	%32.6315
3	21-30	83	%19.1228
4	31-40	22	%7.7192
5	ک.گشتی	285	%100

توێژەر هەستا بە وەرگرتنی (25)مامۆستا کە پسپۆرییەکەیان باخچەی منداڵان بوو، و (260) مامۆستا لە پسپۆڕی تر کە کۆی گشتی دەکاتە (285) مامۆستا.

خشتەی(6)

سامپڵی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی(پسپۆڕی)

ژ	پسپۆڕی	ژ.مامۆستا	ڕێژەی سەدی %
١	باخچەی منداڵان	٢٥	%8,7719
٢	پسپۆڕی تر	٢٦٠	% 91,2281
٣	ک.گشتی	٢٨٥	% 100

٤-٣ ئامرازەکانی توێژینەوەکە: بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی لە جۆری فۆڕمی ڕاپرسی نیمچەکراوە یان نیمچە داخراو، واتە بۆ هەر پرسیارێک چەند بژاردەیەک هەبوو ، لێکۆڵراو بۆی هەبوو تەنها یەک وەڵام هەڵبژێرێت.

٥-٣ پێوەر

لەبەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی توێژەر هەستا بەوەرگرتنی پێوانەیەک بەزمانی عەرەبی بۆ پێوانەکردنی (ڕەفتاری سەرەڕۆیی) کەلەلایەن (میادة اسعد موسی) توانی (٢٢) بڕگەی لێوەربگرێت،هەروەها (٣٩) بڕگە کە لە لایەن سەنتەری پسپۆڕی ئەمریکییەوە ئامادەکراوە بۆ شەڵەژانەکانی (کەمی ئاگایی و فرەجوڵەیی و سەرەڕۆیی) کۆی بڕگەکان بریتیبوو لە (61) بڕگە، کە پیشانی (9) پسپۆڕو شارەزایی بواری دەروونی و پەروەردەیی درابوو، دوای چاکردنی لەلایەن شارەزایانەوە (55)بڕگە جێگیرکرا.کە ڕێژەی ڕاستی و دروستی پێوەرەکە بریتی بوو لە (٩٧,٧٠٠٣ %) کۆدەنگی شارەزایان.

٦-٣ ئامرازییە ئامارییەکان:

بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئاماریی و شیکردنەوەی داتاو زانیارییەکۆکراوەکان لەکۆمەڵگای توێژینەوەکە توێژەر پڕۆگرامی ئاماری (spss) ی ڤێرژنی(22) ی بەکارهێنا بۆشیکردنەوەی داتاکان کەتیادا ئەم ئامرازانە بەکارهاتووە:

1.ناوەندی ژمێرەیی. 2.لادانی پێوەری . 3.تاقیکردنەوەی تائی یەک نمونەی. 4.تاقیکردنەوەی دوو نموونەییANOVA

بەشی چوارەم:

خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

4-11: ئامانجی یەکەم بریتی بوو لە(دەستنیشانکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچەی (حکومی و ناحکومی) لە دیدگای مامۆستاکانیانەوە.دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) و ئامرازی ئاماریی (one sample T-Test)بۆ بەراورد کردنی ناوەندی ژمێرەیی نمونەی توێژینەوەکە بە ناوەندی گریمانەی لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی بریتییە لە (131.9439) نزمترە لە ناوەندی گریمانەی کە بریتییە لە(137.5)، بەلادانی پێوەری (25.27268)،هەروەها دەرکەوتووە کە بەهای (t) بریتییە لە (3.711)، لە ئاستی بەڵگەداری (001.)،بە نمرەی ئازاد(284)، کەوا تا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە بەرئەوەی ئاستی

بەڵگەداری بچوکترە و هەروەها بەهای(T) گەورەترە لە (Tخشتەیی)،ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە لە ئاستێکی نزمدایە،لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی، هەروەک لە خشتەی ژمارە (8) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی(8)

پێوانە	ژمارەی نمونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	ناوەندی گریمانەی	نمرەی ئازادی	T خشتەیی	بەهای T	ئاستی بەڵگەداری	ڕێژەی هەڵە
دەستنیشانکردنی ئاست وجۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە.	285	131.9439	25.27268	137.5	284	2.358	3.711	.001	1.49702

٢- ئامانجی دووەم:- دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە لە دیدگای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی:-

١-٢ ڕەگەز: (نێر،مێ):دوای شیکردنەوەی دا تا کان بە بە کارهێنانی ئامرازی ئا ماریی (Independent Sample T.test)لەئەنجامدا دەرکەوت ، کە ناوەندی ژمێرەیی ئا ست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە لە دیدگای مامۆ ستایانەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، لە ڕەگەزی نێردا بریتییە لە(124.6000) بەلادانی پێوەری (27.46558)، بەڵام لای ڕەگەزی مێ ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (132.4981) بەلادانی پێوەری(25.06811)،هەروەها بەهای (T) بریتییە لە (1.350) لەئاستی بەڵگەداری (671.) بە نمرەی ئازادی (283) لێرەدا دەردەکەوێت،هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری نیە لە ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز، لەبەر ئەوەی بەهای (T) بچوکترە لە (Tخشتەیی) و ئاستی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە (0.05) هەروەک لە خشتەی ژمارە (9) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی(9)

پێوانە	ڕەگەز	ژمارەی نمونە	ناوەندی ژمێرەی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	T خشتەیی	بەهای T	ئاستی بەڵگەداری
دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە	نێر	20	124.6000	27.46558	283	2.358	1.350	.671
	مێ	265	132.4981	25.06811				

٢-٢ جۆری باخچە:(حکومی،ناحکومی)

لەئەنجامدا دەرکەوت، کە ناوەندی ژمێرەیی ئاســت و جۆری ڕەفتاری ســەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە لە دیدگای مامۆســتایانەوە بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە، لە باخچەی حکومی دا بریتیە لە (126.8068) بەلادانی پێوەریی (20.89947) بەڵام لە باخچەی ناحکومی گەیشتە(145.5769)،بە لادانی پێوەری(30.46289)بەهای (T)بریتییە لە (5.915) بە نمرەی ئازادی (283)لە ئاســتی بەڵگەداری(001.)، لێرەدا دەردەکەوێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لە ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە بە پێی گۆڕاوی جۆری باخچە، لەبەرئەوەی بەهای (T) گەورەترە لە(Tخشــتەیی) و ئاســتی بەڵگەداری ئاماری بچوکترە لە (0.05)، جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی باخچەی ناحکومیدایە. هەروەک لەخشتەی ژمارە (10) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (10)

پێوانە	جۆری باخچە	ژمارەی نمونە	ناوەندی ژمێرەی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	T خشتەیی	بەهای T	ئاستی بەڵگەداری
دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە .	حکومی	207	126.8068	20.89947	283	2.358	5.915	.001
	ناحکومی	78	145.5769	30.46289				

٢-٣:بڕوانامە: (دبلۆم،بکالۆریۆس)

دوای شـیکردنەوەی داتاکان بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری Independent Sample T. test لەئەنجامدا دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە لە دیدگای مامۆستایانەوە بەپێی گۆڕاوی بڕوانـامە، کە بڕوانـامەی دبلۆم بریتییە لە(128.0784) بەلادانی پێوەری (21.91865) بەڵام لای بڕوانـامەی بەکالۆریۆس ناوەندی ژمێرەی گەیشــتە (141.6790) بەلادانی پێوەری (30.23691),هەروەها بەهای (T)بریتییە لە (4.217) لەئاستی بەڵگەداری (000.) بە نمرەی ئازادی (283) لێرەدا دەردەکەوێت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاســت و جۆری ڕەفتاری ســەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە بە پێی گۆڕاوی بڕوانامە، لەبەرئەوەی بەهای (T) گەورەترە لە (Tخشــتەیی) و ئـاســتی بەڵگەداری ئـامـاری بچوکترە لە (0.05) جیـاوازییەکەش لە بەرژەوەنـدی بڕوانـامەی بەکالۆریۆسدایە. هەروەک لە خشتەی ژمارە (11) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی ژمارە (11)

پێوانە	بڕوانامە	ژمارەی نمونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	T خشتەیی	بەهای T	ئاستی بەڵگەداری
ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵی باخچە	دبلۆم	204	128.0784	21.91865	283	283	4.217	.000
	بەکالۆریۆس	81	141.6790	30.23691				

٤-٢:پسپۆڕی: (باخچەی منداڵان،پسپۆڕی تر)

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە ئامرازی ئاماری (independent sample t. test)دەردەکەوێت کە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە لە دیدگای مامۆستایانەوەبە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی،کە ناوەندی ژمێرەیی لای پسپۆری باخچەی منداڵان بریتییە لە (136.4800)بەلادانی پێوەری (29.40822)،بەڵام لای پسپۆڕانی دیکە ناوەندی ژمێرەی گەیشتە (131.5077)بە لادانی پێوەری (24.86046)،هەروەها بەهای (T) بریتییە لە (939.)لەئاستی بەڵگەداری (609.)بەنمرەی ئازادی(283) لێرەدا دەردەکەوێت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە دیاریکردنی ئاست و جۆری ڕەفتاری سەرەڕۆیی لای منداڵانی باخچە لە دیدگای مامۆستایانەوە بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی،لەبەرئەوەی بەهای (T) بچوکترە لە(Tخشتەیی) و هەروەها ئاستی بەڵگەداری ئاماری گەورەترە لە (0.05)،هەروەک لە خشتەی ژمارە(12) ئاماژەی پێکراو

خشتەی (12)

پێوانە	پسپۆڕی	ژمارەی نمونە	ناوەندی ژمێرەیی	لادانی پێوەری	نمرەی ئازادی	T خشتەیی	بەهای T	ئاستی بەڵگەداری
